لەیادی نەمراندا :

شێخ مەحمودی حەفید

لەتیف بەرزنجی
هەولێر ـ ئاوایی قەتەوی

شێخ مەحمودی سەرداری پێشەوای گەلی کورد کوڕی (شێخ سەعید) کوڕی (شێخ محەمەد) کوڕی کاك ئەحمەدی شێخی سلێمانی ، دایکی (ئامینە) خانی شێخ بابە رەسول ، (شێخ مەحمود) لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی کانی ئاسکان سالی (1878ز) هاتۆتە دنیاوە .

هەر لەتەمەنی منالیەوە زۆر وریاو گورجو چالاكو نەترس بووە . لە مزگەوت لای مەلا زۆری خوێندووە ، بەتایبەتی لە مزگەوتی گەورە ، کە قوتابخانەیەکی گەورەو بە ناوبانگ لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە بەزۆری مەلاو زاناو فەقێ یان روویان تێکردووە .

بارەگای پیاو چاكو شوێنی هەژارو لێقەوماوان و پەنا بەرو بێچاران بووە . لە ناو کوردا جێگەو هەوارێکی پیرۆز بووە .

ئەم بنەماڵەیە لە کوردستانا زۆر خۆشەویستن و رێزی تایبەتی یان هەبووەو بەچاوی گەورەو سەرداری وڵات تەماشا

کراون ، چونکە ئەم خانەدانە چ لە رووی کوردایەتی و چ لە رووی (عیلم و دین) دەورێکی زۆر باش و باڵایان هەبووە . وە بۆ خزمەتی گەل و نیشتیمان و رزگاری و سەربەخۆیی کورد درێغی یان نەکردووەو قوربانی زۆریشیان داوە ، ئەم بنەماڵەیە پیاوی زۆر داناو بەکەڵکی وەك حاجی کاك ئەحمەدی شێخی سلێمانی و شێخ مەعروف (نۆدێ) یان لێ هەڵکەوتووە ، کە گەورەترین زاناو عالیمی کوردی ئەو سەردەمە بوون .

هەتاکو ئەم گەلی کوردە مابێ ئەبێ شانازی بەو جۆرە پیاوە زانایانەوە بکات ، شێخ مەحمودو شێخ ئەحمەدو شێخ قادر هەر سێ برا لە خزمەت (شێخ سەعید)ی باوکییاندا دەبن لە (موصل) لە (1908)ز لەو کاتەی کارەساتەکەی (موصل) روو ئەدات ... (شێخ سەعید) لە سەرداوای سوڵتان عەبدول حەمید چووە بۆ (ئەستەمبول) ماوەیەك لەوێ بە میوانی لە کۆشکی سوڵتان ماوەتەوەو ئەو جا بەرەو وڵات گەڕاونەتەوەو لە شاری (موصل) میوان ئەبن ، وارێك ئەکەوێت لە بەینی هەندێ بازرگانی سلێمانی و چەند دوکاندارێکی (موصلاوی) هەراو شەڕێك روو ئەدات و زۆر گەورە ئەبێت ، چەند پیاوێکی بێ لایەن و ئاشتی خوازی (موصل) ئەچنە خزمەت شێخ سەعیدو داوای لێ ئەکەن کە بکەوێتە بەینی هەردو لایانەوەو ناوبژییان بکات .

(شێخ سەعید) یش (قورئانێك) ئەگرێت بەدەستەوەو رووەو شەڕەکە ئەڕوات و زۆر تکایان لێ ئەکات بۆ ئەوەی ئاگری

ئەم فتنەیە بکوژێتەوە بەڵام بێسوود بوو ، ئیشەکە گەورەتر ئەبێت و (شێخ سەعید) یش لەگەڵ (شێخ ئەحمەدی) کوڕیو (شێخ محەمەد)ی (شێخ عەزیز)و کۆمەڵە لاوێکی چالاك و زرنگی کوردی تێدا شەهیدو سەرگەردان ئەبێت ، کە (شێخ سەعید) شەهید ئەبێ هاوڕێکانی ئەویش دەناڵێنە گەرداوی ئەو شەڕو ـ کوشتارەوە .

ئەم کارەساتەی (موصل) لەناو گەلی کورددا زۆر دەنگ ئەداتەوەو گەلێ کاری کردۆتە سەر دانیشتوانی کوردستان بەگشتی و کوردستانی عیراق بەتایبەتی و زۆر نووسەرو شاعیران لەسەر ئەم رووداوەیان نووسیوە ، بەتایبەتی نووسەری بەرزو بەناوبانگی کورد مامۆستا (رەفیق حیلمی بەگ) لە یاداشتی (شۆڕشەکانی شێخ مەحمود) دا لەسەری دواوە .

گۆرانیی بێژو گۆیندەو دەرویش تاکو ئێستایش بە دەف و ئاوازو سۆزەوە ئەم رووداوە دەگێڕنەوەو لەبیر ناچێ و لەلاپەڕەی مێژووی خوێناوی گەلی کورددا ئەنووسرێتەوە بەخامەی زێڕین ، ئەمە لەلایێکەوە لەلایەکی تریشەوە بۆ پاراستن و سەلامەتی (شێخ مەحمودو شێخ قادر)ی برای ، خوا لێخۆش بوو (حاجی محەمەد) ی نەجەف کە پیاوێکی ناودارو بەدەسەڵاتی شاری (موصل) بوو ، چەند رۆژێك (شێخ مەحمودو شێخ قادر)ی برای کە دوو لاو بوون خزمەتی کردن و لە ماڵی خۆی ڕێگەی نەدان ئەو دوو برایە بڕۆنە دەرەوە تاکو شەڕو کوشتارو خوێن رژان کۆتایی هات و گەلێك یارمەتی داون لەو تەنگو چەڵەمەیەدا .

بەبۆنەی شەهید بوونی (شێخ سەعید) ەوە لەشکرێکی زۆری کوردەواری دەورو بەری (موصل)و هەولێر رژانە ناوشاری (موصل)ەوە ، هاتبوون بەهاواری شەهید بوونی شێخ و هاوڕێکانی یەوەو دریغی یان نەکرد لە دەست وەشان لەو کەسانەی کە بەناهەق ئاگری فیتنەو ئاژاوەیان بەرپاکردو پیاوێکی موبارەکی وەك (شێخ سەعید) یان بێ تاوان لەناوبرد .

ئەو هەموو لەشکرو سوپایەی بەو هاوارەوە هاتبوون و بەو بۆنەیەوە کۆبوونەوە لەگەڵ (شێخ مەحمود)و (شێخ قادر)و هاوڕێکانیاندا بەرەو شاری سلێمانی کەوتنە رێ لە هەموو ناوچەکانی تری وڵاتەوە سوارەو پیادە ملی ڕێگەیان ئەگرتە بەرو بەکۆمەڵ بەیداخی رەشیان هەڵئەکردو بەتەپڵو دەف شیعرو شیوەنی (شێخ سەعید) ەوە ئەچوون بەپیریانەوە ، ئەوانیش بە دڵی شکاوو غەمگین بە هەر شارو دێهاتێکدا رەت ئەبوون دانیشتوانیان هەموو رەش پۆش و خەمبارو تەعزیەدار ئەدیت و بەو شێوەیە پێشوازی ئەکران تاگەیشتنەوە ناو شاری سلێمانی ، ئەو جۆرە لەشکرو سوپاو پێشوازی یەی بۆ ئەوان رێکخراوە لەو رۆژەدابوو هیچ سەردارو مەلیك و پادشایەکی بەدەسەڵاتی ئەو سەردەمە نەکراوە . چونکە ، کارەسات و رووداوە کاریگەرەکەی (موصل)و شەهیدبوونی (شێخ سەعید)و هاوڕێکانی کارێکی زۆر گەورەی کردبووە سەر هەموو دانیشتوانی کوردستان و وەك چیرۆك و داستان لە هەموو ماڵێکی کورددا ئەم رووداوە باس دەکرێت و یاد دەکرێنەوەو لە بیرناکرێ ... چونکە زۆر نارەواو بێ تاوان لە ناو چوون و بەو شێوەو بەو کارە ساتە دڵ تەزێنە ماڵ ئاوایی یان لەگەڵ و وڵات و کەس و کارکردو هیواو ئاواتەکانی ناو دڵو دەروونی یان بردە ژێر گڵ و لە گۆڕستانی (نەبی شیت) لە (موصل) هەواری یەکجاری یان گرت و بەخاك سپێران .

رۆژانی هەینی زۆر لە دانیشتوانی شاری (موصل)و دێهاتەکانی دەورو بەری ئەچن بۆ زیارەتی قەبری شێخی شەهیدو بە کۆمەڵ خەڵکی بەرێگەی ئەم گۆڕستانەوەن .

ئێمەش چەند کەسێك بەتایبەتی چووینە زیارەتی گۆڕی پیرۆزی و لەسەر گۆڕەکەی ئەم چوار دێرە هەڵبەستەم بۆهات لێرەدا دەیخەمە بەرچاوی ئێوەی خوێندەواران بەو بۆنەیەوە :-

ئـەم گـۆڕە شـۆڕە سـوارەی نـاودارە
بـەنـاهـەق شـەهـیـد کـرا لەم شـارە
لە بـیرنـاکـرێ خـوێـنـی ئـەم پـیـاوە
شێـخ سـەعیـد لای کـورد نـامـرێو مـاوە

هەر لە ڕۆژی ئەم کارەساتەی (موصل)ەوە گەلی کوردی دوورو نێزیك (شێخ مەحمود) یان بە جێگری هەموو بنەماڵەی کاك ئەحمەدو گەورەو سەرداری وڵات داناوە ، لەبەر ئەوەی کوڕی (شێخ سەعید) ی شەهید بـووەو پیاوێکی لێـوەشاوەو نیشتیمان پەروەرو دانابوو .

زۆر دۆستی هـەژارو لێقەومـاوان بوو لە نـاو هـەمـوو چینەکانی گەلدا زۆر خۆشەویست بووە ، بۆیە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەڵیان بژارد بەگەورەو سەرۆك و لە هەموو بەش و پارچەکانی کوردستانەوەو لە هـەموو عـەشیرەت و بنـەماڵەو تیرەوەو پیاوە ناودارەکانەوە نامەو نوێنـەری یان بـۆلای شێخ ناردووەو ئامادەیی خۆیـان نیشان داوەو پـەیمانیـان داوە بە سەرۆکایەتی شێخ درێغی نەکەن ، لە پێناوی گەل و ولاتدا . چاوەنواڕی فەرمانی ئەو دەکەن و لەسەر ئەم نەخشە ئەڕۆن ئەو بۆیان دەکێشی و لە ئامۆژگاری دەرنەچن .

جا ئەوەندەی نەخایاند شەڕی یەکەمی جیهانی دەستی پێ کردو (شێخ مەحمود) یش داوای کرد لەگەڵ کورد بەشداری ئەو شەڕە بکەن دژی سوپای ئینگلیز کە لە بەسراوە هێرش دێنی بۆ گرتنی عیراق .

شیخ لە سلێمانی یەوە کەوتە ڕێ بەرەو بەسراو بە سوپاو لەشکرێکی زۆرەوە لە (شعیبە) لە سـاڵی (1915ز) بەرەنگـاری لەشکری دوژمن بوون و شەرێکی گەورە ڕووی داو لە ئەنجامی چەند شەڕو کوشتارێك لەو ناوچەیـەدا لەشکری تـورك نەی توانی بەربەستی هێرشی ئینگلیز بکات ، چونکە لەشکری تورك زۆر ماندو بوون کەرەستـەو زەخیرەی ئـەو جۆرە شـەڕەیان نـەمابـوو ماوەیـەکی زۆریش بوو لە شـەڕو شـۆڕدا بـوون ، لەشکری تورك کەوتنە کشانەوەو گەڕانەوە بەرەو بەغدا .

قائیدی لەشکری تورك لەو شـەڕەدا (سلیمان بـەگی عەسکەر)ی بوو کە ئەم کارەسـاتە ئـەبینێ خۆی (ئـەکوژی) لەمەیدانی شەڕدا ، لە داخ و تاوی ئەوەی لەشکری تورك نەی توانی دەوری خۆی ببینێ لەو شەڕەداو بەشکاوی و شپرزەیی قۆناخ بە قوناخ گەڕایە دواوەو سوپای ئینگلیزیش ئۆردوگای لە بەسرا دامەزراند .

سوارەی کوردیش بۆیان ڕوون بووەوەکە سوپای تورك ناتوانێ بەربەستی هێرشی ئینگلیزی داگیرکەر بکات ئەوانیش ناچار دوای خەسارەتو شەهیدێکی زۆر بەرەو ژوور گەڕانەوەو تاکو گەیشتنەوە شاری سلێمانی .

هـەر لەو ساڵەدا لەشکـری (روس) لە ئێرانـەوە هاتـە خـوارەوەو پـەلامـاری سنـووری ڕۆژهـەلاتی کـوردستـانی عیـراقیدا لە (هـەڵەبجـە)و (پێنجـوین) و (ڕەوانـدز) ەوە هاتەپێشەوەو هێرشی هێنا .

(شێخ مەحود)یش وەك سەردارو پێشەوای گەلی کورد سوپای عەشایەری کۆکـردەوەو بەرەو هێـزی (رووسەکـان) چوون و پەلاماریان دان و شێرانە هەڵمەتیان بۆ بردن و سوپـای روسیان شکاندو تا ناو کوردستانی ئێرانیان ڕاونان .

بەو شەڕو شۆڕو سەرکەوتنە شێخ مەحمود زیاتر لەناو گـەلی کورددا دەنگی دایـەوەو هەتـا دەهات خـۆشـەویستو ناودارتر ئەبوو وەلەلای دەوڵەتی عوسمانیش وەك سـەرۆك و سەردارێکی وڵات ڕەفتاری لەگەڵ ئەکراو لەقسەو ئامۆژگاری دەرنە ئەچوون ... سوودیان لە ئامۆژگاریەکانی وەرئـەگرت ، زۆریش چاودێریان ئەکردو مەترسیان لێ هەبوو لەگـەڵ ئینگلیز ڕێك بکەوێت و بەنهێنی پەیوەندیـان لەگەڵ بکـات دژی ئەوان ڕاوەستێ و داوای سەربەخۆیی کورد بکات .

ئەوەبوو زۆری نەخایاند هێزی ئینگلیز گەیشتە بەغداو خۆی باش دامەزراندو عەسکەری دەولەتی (عوسمان) یش لەم ناوچەیەدا نەماو بەرەو (موصل)و کەرکوك هەلکشان ، مەیدان بۆ سوپای ئینگلیز خۆش بوو ئەوانیش کەوتنە پەیوەندیو جوولانەوەو دانانی پیلان بۆ گرتنی ناوچەی کوردستانو چەسپانی دەسەلاتی لەو هەرێمەدا .

لە 18/ مایسی 1918 عەسکەری ئینگلیز گەیشتە شاری کەرکوكو سوپای تورك لەوێ کشانەوە ، (شیخ مەحموود)یش لەو ماوەیەدا پەیوەندی بەکاربەدەستە سیاسییەکانی ئینگلیزەوە کردو داوای لێکردن ئەگەر بەلێنی بدەنێ بەدامەزراندنی دەولەتێکی کوردی بەسەرۆکایەتی شێخ ئەوا ئامادەیە لەگەلیان رێك بکەوێت لەو پەیوەندیو گفتو گۆیە دابوون ئینگلیز شاری (کەرکوك)یان بەجێ هیشتو ماوەی 10 — 15 رۆژ زیاتر نەمانەوە لە شاری (کەرکوك) دوای ئەوان دووبارە عەسکەری تورك گەرانەوە کەرکوكو بەسەربردەی پەیوەندی شێخو کاربەدەستانی سیاسی ئینگلیزیان زانیو فەرمانیاندا بەنهێنیو پیلانیان دانا بۆگیرانی (شیخ مەحمود)و لەسلیمانی شێخ یان گرتو بەپەلە رەوانەی (کەرکوك) یان کردو لەوێش مەحکەمە کراو (حکم)درا بە ئیعدام لەلایەن مەحکەمەی عەسکەری تورکەوە ، بەلام (عەلی ئیحسان پاشا)ی قائیدی فەیلەقی تورك لە (موصل) کەتازە هاتبووە جێگەی قائیدی پێشو و(خەلیل پاشا)و ئەم (عەلی ئیحسان پاشا)یە پیاوێکی باش بووەو حەزی بەچاکە کردووەو ویستوویەتی لەگەل کورددا دۆستایەتی بکات چونکە ئیشیان بەکورد هەبوو لەوکاتەدا بۆیە بەپەلە (شێخ مەحموود) یان داواکرد کە بەبەندی لە کەرکوکەوە رەوانەی (موصل)ی بکەن گەیشتە ئەوێ زۆر رێزیان گرتو ئەفویان کرد لەو حوکمەی لە کەرکوك درابوو ، دوای میواندارییکی باش زۆر بەدلشادیو رەزامەندی گەرایەوە بۆ سلیمانی ، لە دوای چەند هەفتەیەك (عەلی ئیحسان پاشا)ی تورك بروسکەی بۆ قائیدی عەسکەری خۆیان کرد لە ناوچەی سلێمانی داوای لێکردن کەوا ئیدارەی هەرێمی سلیمانی بە (شێخ مەحموود) ئەسپێرنو ، عەسکەری تورکیش لە ژێر فەرمانی شێخدا ئەبێت ، بەلام ئەم مەسەلەیە زۆری نەخایاندو دووبارە عەسکەری ئینگلیز گەرایەوە (کەرکوك)و باری سیاسیی نێوان شێخو تورکیی گۆریو شێخی مەزن دوای ئەم گۆرانە ناچاربوو بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد یاداشتێك (مذكرة) یەك بۆ کاربەدەستانی ئینگلیز بنێرێتە بەغداو داوایان لێ بکاتو ئامادەی خۆی نیشان بدات بۆ رێككەوتن لەگەلیان لە سەرئەو (خالو مەرجانەی) بۆ دامەزراندنی دەولەتێکی کورد کە داوای کردبوو ، ئەگەر ئەوان بەوە رازیبن . ئەوا شێخ ئامادەیەو بە ئاسانی دەست بەسەر سلێمانیدا دەگریت عەسکەرو کاربەدەستانی تورك لەوێ دەردەکات . دوای چەند رۆژێك وەلامی یاداشتی شێخ درایەوەو بەپەلە حاکمی سیاسی کەرکوك (میجەرنوئیل) یانتەرخان کرد کە بچێ بۆ سلیمانیو لەگەل شێخ لەو بارەیەوە گفتوگۆ بکاتو بەپێی نەخشەی دەولەتی بەریتانیا ئەو کارە بکات .

(میجەرنوئیل) چوو بۆ ناوچەی سلێمانیو لە دەرەوەی شار پێشوازی کراو دوای گفتو گۆی بەپێی نوێنەرانی هەردوو لا بریار درا شێخ ببێ بە (حوکمداری کوردستان)و (میجەرنوئیل) ببێ بە (مستشار) و مامۆستا رەفیق حیلمی بەگیش ببێ بەنووسەری شێخ .

ئینجا شێخ فەرمانیدا عەسکەری تورك چەك کرانو هەموویانی رەوانەی (موصل) کردەوەو بۆ ناو هێزی تورك . شاری سلێمانی بووە پایتەختی (حوکمداری کوردستان) ، بەلام هەرلەیەکەم رۆژی دامەزراندنی حوکمدارییەتی کوردستانەوە ، ئینگلیز خەریکی پیلانو فروفێل بووە بۆ ئەوەی دەسەلاتی شێخ کەم بکەنەوەو سنووری دەسەلاتی حوکمدار فراوان نەبێو عەشایرو تیرەکانیان لێ هان ئەدانو خەریکی دوو بەرەکی بوون لە بەینیاندا .

شێخ (مەحموود) یش هەستی بەو نیازە گلاوەی ئەوان کردبوو بۆیە نەیتوانی زیاتر چاو پۆشیان لێبکاتو لە رۆژی (20 و 21) مایسی سالی (1919) فەرمانی دا بەگرتنی هەموو کاربەدەستانی ئینگلیز جگە لە (میجەرسۆن) لەوکاتەدا سەفەری کردبوو .

کاربەدەستانی سیاسی ئینگلیز کە بەدەنگو باسی گۆرانی سلیمانییان زانی ، بەزۆری هێزێکی گەورەیان کۆکردەوە لە بەغداو کەرکوكو هەولێرەوە هەموویان بەرەو (سلێمانی) کەوتنە رێو ، سوپاو لەشکری کوردیش بەسەرۆکایەتی شێخ مەحمودی نەبەز لە دەربەندی بازیاندا پەلاماریان دانو

شەڕێکی.زۆر گەورەوگران ڕوویدا ، لەو دۆڵو ناو شاخ و دارو دەوەنەدا ، هەندێ لە کوردە نۆکەرەکانی ئینگلیز زۆر دەوری خراپیان نواندبوو ، بۆ شکانی لەشکری کورد ، لە دوای شەڕێکی خوێناوی قوربانی دانێکی زۆر (شێخ مەحمود) لە ئەسپەکەی کەوتە خوارەوە بەبریندار ی چووە پاڵ بەردە قارەمانەوەو ئەم بریندار بوونەی شێخ زۆر کاری کردە سەر وورەی شۆڕشگێرانی کوردو دوای شەڕێکی گەورە شێخ بەبریندار ی کەوتە دەست دوژمن . بەپەلە ڕەوانەی (بەغدا) یان کرد . لەو شەڕەدا زیانی گەلی کورد (200) شەهیدو (80) بریندار بووەو ، هەندێ لەو سەرکردەو پیاوە ناودارانەی لەو شەڕەدا شەهیدبوون ئەمانەن :

١ ـ حاجی سەید حەسەنی مامی شێخ مەحمودی (مەلیك) .
2 ـ شێخ سەعیدی گۆبتەپەی سەنگاو بەبریندار ی ئەگیرێو ئەمری خودا دەکات لە چەمچەمال قەبرەکەیشی لەوێیە
3 ـ شێخ باهیری شیخ مەحمودی گۆبتەپەی سەنگاو .
4 ـ مەحمود ڕەشیدی جوامێری هەمەوەند .
5 ـ تاهیری حەمەدە فەندی سلێمانی .
6 ـ مدیری پۆلیسی شیخ مەحمود .

لەکاتێ نووسینی ئەم وتارەدا لە دەربەندی بازیاندا ڕۆژێك ئەچووین بۆ سلێمانیو یادی ئەو شەڕەی بازیانم کردەوەو چاوم بەبەردە قارەمان کەوتو ئەم چەند دێڕە شیعرەیشم بۆهات بەو بۆنەیەوە لێرەدا پێشکەشتانی دەکەم :

لە دەربەندی بازیان

تەقەی بڕنەوە شەست تیرە
دەنگی لاوی ئازاو ژیرە
بانگ دەکەن شێخی قارەمان
ئەمڕۆ هەولێك بۆ کوردستان
بۆنیشتیمانی بەش کراو
ولاتی کوردی بەجێماو

جگە لە شێخی مەزنو شێخ حەمەی غەریب چەند ئەفسەرێکی چالاكو نیشتیمان پەروەریش لەگەڵ ئەواندا لەو شەڕە کەوتنە دەست هێزی دوژمنو ڕەوانەی بەغدا کران بە بەندیو ئەویش ناوەکانیانە :ـ

١ ـ قادر ئەفەندی قەرەداخی
2 ـ عیزەت تۆبچی
3 ـ قالەی ئایشەخان
4 ـ ڕەشید جەودەت
5 ـ ڕەشید غەفوور
6 ـ ئەدهەم ئەفەندی
7 ـ عەلی یاوەر ،

لە دوای ئەوەی شێخ لە نەخۆشخانە دەرچوو لەگەڵ شێخ (حەمە غەریب)ی قازانقایە درانە مەحکەمەی عورفیو حکمدرا بە (اعدام)و شێخ حەمە غەریب (5) ساڵ .

شێخ مەحمود ئەو مەحکەمەو حوکمەکاری لێ نەکردبوو بەڵام داخی ئەوەی ئەخوارد چەند کوردێکی نۆکەر هاتبوون بۆ ئەوەی بەناهەق لەسەر شێخ قسە بکەن واتا (شاهیدی) بدەن دژی ئەوان بۆ قازانجی دوژمن ، بەڵام شیخ زۆر بە تووڕەیی تەماشای شاهێدەکانو کاربەدەستانی مەحکەمەی کردوو ووتی : ئێوە دوژمنی منو گەلی کوردن ، بڕیاری عادیلانە بۆ ئێمە نادەن ، بۆیە ئێمەیش بەبڕیارو حوکمی ئێوە ڕازی نابین . من بۆ ئازادیو سەربەخۆیی گەلی کورد بەڵێنم لە ئێوە وەرگرتووە ، بەڵام ئێوەی ئینگلیز ڕاستتان نەکردو بۆیە منیش ئەبێ بەزمانو بەچەك ئەو خەباتو داوایە بکەم . بەو شێوەیە شێخو شێخ حەمە غەریب حوکم دران دوای ماوەیەك حوکمەکەیان گۆڕاو بووە دوور خستنەوە بۆ هیندستانو لەوێش ڕەوانەی جەزیرەی ئەندامانو (تافە) کران تا ساڵی (1922) لە هیندستان ئەمیننەوەو ئەوجا لەوێوە ڕەوانەی کوێت دەکرێنو مانگێك میوانی ئەمیر دەبن ، ئەوچەند ساڵەی شێخ دوور ئەخرێتەوە شەڕو شۆڕو جووڵانەوە لە کوردستاندا هەر ئەمێنێو کۆتایی بەشەڕی چەتەگەری نەهاتو لە بەشی زۆری

ناوچەکانی کوردستاندا لە شکری ئینگلیز هەراسان کرابوون ئەوەندەی هێرشیان ببەنەسەر بەتایبەتی سوارەو چەکدارو پێشمەرگەکانی شێخانی ناوچەی سەنگاو جەباریو قەرەداغ و هەمەوەنـدو سمایـل حوزێـریو جافو شـوانو شێخ بـزێنی درێغییان نەدەکرد لە دەست وەشاندن لە عەسکەری دوژمن .

شێخ عەبدولقادری گۆبتەپەو شێخ مستەفایی کوڕیو کەریم فەتاح بەگیی هەمەوەندو شێخ عـەلی قەلبـەزەو شێخ مستەفای شێخ عەلی زۆر دەوری بالآیان هەبووە لە پەلاماردانی دوژمنو بەرپاکردنی شەڕو شۆڕی چەتەگەری تاکارێکی وایان کـرد دەولەتی بەریتـانی ناچـارو مانـدو بکـەن ، فـەرمـانی گەڕانەوەی شێخ بدات بۆ ئەوەی شەڕو کوشتار کۆتایی بێتو ولآت هێمن ببێتەوە .

لە سـالی (1922)م دەروێش شەریفی دلسـۆزی شێخ لە سلێمانییەوە رەوانە دەکرێت لەلایەن شێخانی سلیمانییەوە بۆلای شێخ بۆ کوێت بۆ ئەوەی (بـڕیار)ی گـەڕانەوەیـان زوو پێبگەیەنیو دەگەڕێنەوە بەغداو شێـخ لە خانـووی (نەواب) لەگـەڕەکی (کەرخ) میـوانی دەولەت ئەبێو پاش ماوەیـەك بەقەتار لە بەغداوە بەرەو کەرکوك دەگـەڕێنەوە ئینگلیـزەکان لەبەر مەترسی پێشوازی سوارەی کوردو رێگەیـان نەدا . لە کەرکوکەوە بگەڕێنـەوە چونکـە بە هـەزاران سوارەو پیـادەی ناوچەی قەرەداخو بازیانو گەرمیان گەیشتنە ناوچەی کفریو شێخ لەوێدا دا دەبەزیو دەچێتە مالی سەید (عومـەر ئاغـا) لەوێشەوە بەناو داودەو تالەبانیو بناری گـلو قادر کـەرەمو زەنگنەو مەملەحە (خوێلێن)و دەشتی سەنگاو دیێ هەشەزینی دەربەندی باسەرەو دێلێـژەو سولە ، بـەو سوپـاو لەشکرەوە گەیشتنەوە (داری کـەلی) ماوەی (10)رۆژ لە دێی داریکـەلی ئەمینێتەوە ئەوجا ئەچنەوە شاری سلێمانیو پێشەوازییەکی زۆر گەورەو گەرمو گوڕ ئەکرێت دووبارە لە (14) ی ئەیلولی سالی 1922 ئەکرێتەوە بە حوکمدارو پایتەختەکەشی هەر سلێمانی دەبێ تا سالی (1924) حوکمداریو فەرمانـڕەوایی دەکات دیسـان لەگەل ئینگلیز تێك دەچێتەوەو شار چۆل دەکـەنو ئینگلیزیش بەفڕۆکە بوردومانی دەکات ئەوانیش دەچنە دولی سورداشو ئەشکەوتی (جاسەنە) بە بۆنەی ئەو بوردومـانەوە شـاعیری نیشتیمان پەروەر (حـاجی میرزا عـەبدوللای سـەقزی) ئـەو هەلبەستەی داناوە لێرەدا دەیخەینە بەرچاو :ـ

یاران

یـاران بـەخـودا ئـەمـرۆکـە ئـەوقـاتـی دوعـایـە
بـۆ زاتی (مـەلیـك) چـونکـە شـەوو رۆژ لە غـەزایـە
تـەیـارە هـەمـوو لەحـزە لە کـەرکـوكو لەبـەغـدا
بـۆ کـۆمـەکی ئینگلیـزە بـەچـەرخـە لە سـەمـایـە
هـەر دێتو دەچێ خـۆی دەنـوێنێ بـەهـەمـوو رەنـگ
قـابیـل نییـە ئـەم ئیشـە هـەمـوو مـەیـلی خـودایـە
بـۆ دەفعی بـەلا حـەزرەتی (عثـمـانـە) دوعـاگـۆی
دل دۆزی (عـدو) تـیـری عـەلی شـیـری خـودایـە
بـۆ چـەتـری سـەری حـەزرەتی کـاك ئـەحمـەدە دایم
دوشـمن بـەمـەلیـك دوشـمـن دۆسـتـانی خـودایـە
بـۆ کۆمـەمەكو یـەك رەنگی خودا حـەقـە کـەریم بـەگ
بێ میسـلو نـەزیـر بـۆ لە جیهـانـدا کـە وەهـایـە

ئـەم پارچـە هەلبـەستەی میـرزا عەبـدوللا بەبـۆنەی بوردومانی سلێمانییەوە وتراوە ، میرزا عەبدوللای سەقزی کە لەدەست رەزا شای ئێران رای کردبوو هـاتبووە سلیمـانی لە دەوری حوکمداری شێخ مەحموددا لە سلێمانی کۆچی دوایی دەکـاتو لە گردی سـەیوان نێـژراوە . شێـخو سـەرکـردەو کاربەدەستەکانی لە ئەشکەوتی (جاسەنە) رۆژنامەی (بانگی حەق) یان دەردەکرد سەرنووسەری (مستەفامەزهەر) بووەو هەلسورێنەری تەلەغراف مامۆستا شـاکر مـوجریم بـووە ، شێـخو لەشکرەکـەی تـاسـالی (1926) لەو شـاخو کێـوانـەی قەرەداخو ماوەتو هەورامانو سورداش ماوەتەوەو لە دواییدا چوویتە کوردستانی ئێرانو لە ناوچەی (مەریوان) جێگیربووە تاشەری (1931)م ئاوباریك کە لەم شەڕەدا شێخانی گۆبتەپەو کەرەبچنەو قادرکەرەمو جـەباری کـانیکەوەو هـەشەزینیو قـەرەداخ دەورێکی زۆر بـالآیـانبـووە بـەتـایبـەتی شێـخ عەبدولقادری گۆپتەپەو شێخ عەلی قەلبەزە دەوری زۆر باشیان بـووە ، شێخ عـەلی لەو شەڕەدا شـەهید بـووە بەلام شێـخ مستەفای کوڕی کە پێشمەرگەیەکی ئازای ئەو سەردەمە بووەو ئێستاش ماوەو زۆر لەسەرخۆیەو زۆر دەوری ئازایەتی بووە ،

ئێستا لە دیی (ئاوایی حەمەی کەرەم) لە قەرەداغ دادەنیشیو سیحەتی زۆرباشەو تەمەنی (80) ساڵ دەبێ ، لە شوێنێکی تردا بەدوورو درێژی لەسەر ئەم باسەدە دوێین . لە دوایی شەڕی ئاوباریك شێخ لەگەڵ کاربەدەستانی میری دەکەوێتە گفتوگۆ بۆئەوەی (عەفوی) بکەن بەڵێنی دەدەنێو دەگەڕێتەوە بۆ ناو شارو ئەیگرنو بەدەست بەسەری ڕەوانەی دەکەن بۆ (ناسریە)و لە دوایی‌دا ئەیهێننەوە بەغداو جگە لە شێخ مەحمودی مەلیك شێخ عبدالقادری گولەنەبردو شێخ عبدالکریمی قادرکەرەمو شێخ ئیسماعیلی کوڕی شێخ عبدالکریمو سەید ئەحمەدی مەرەخەسو سەید ئەحمەدی خانەقای کەرکوك . دوردەخرێتەوە بۆ بەسراو ناسریەو بەغدا لەسەر ئەوەی پشتگیری شۆڕشی شێخ مەحمودیان کردووە یا بەشداری ئەو شۆڕشە بوون ، شێخ مەحمود تا ساڵی (1941) لە بەغدا ئەمینیتەوە لەکاتی شەری ڕەشیدعالی گەیلانی هەلی بۆ هەڵ دەکەویت خۆی دەگەیەنێتەوە ناوچەی بازیان لەدێی (داریکەلی) دادەنیشێ تا ساڵی (1956)م لەوساڵەدانەخۆش دەکەویت بەنەخۆشی دەیبەنە نەخۆشخانەی (حەیدەری) لە بەغدا لەشەوی 1956/10/9م کۆچی دوایی دەکات پێش مردنی سەعات (11) ی شەو شێخ جەعفەری کاکەلاو کە پیاوێکی زۆر دڵسۆزبوو بۆ بنە ماڵەی کاك ئەحمەدو پیی ئەڵێ (3) وەسیەتم هەیە بۆم جێبەجێ بکەن چونکە ئەمجار بەم نەخۆشی‌یە دەمرم :

1 - حەجم نەکردووە بۆم بکەن .
2 - واریداتی دی‌یەك بکەن بەخێراتبۆم .
3 - حەزم دەکرد لەبەغدا نەمرمو لەوشاخو کێوانەی کوردستان بمرمو قەلو دال گوشتەکەم بخوات بەلام شتێکم بۆ (کورد) بکردایە .

لەبەغداوە تەرمی پیرۆزی سەرۆکی کورد شێخ مەحمودی نەمر بەرەو سلێمانی کەوتە ڕێو لە هەموو شارو ناوچەکانەوە خەڵکی بە پیری جەنازەی ئەم تاقە شاسوارەی کوردەوە دەچنو پێشوازی‌یەکی زۆر دەکرێت .

شاری سلیمانی پیاوژن دێنە سەرشەقامەکانو بەسروودو شیوەن ئەچنە پیری جەنازەی شیخەوەو لە ئەنجامی ئەوە لە بەینی چەند لاوێکی خوێن گەرمی سلێمانیو پۆلیس‌دا ئەبێ بەشەڕو تەقەو کوژراوو بریندار لێ پەیدا ئەبێو زۆر کەس لە دانیشتوانی شار دەگیرێنو ڕەوانەی کەرکوکی‌یان دەکەن . (شیخ لەتیفی شیخ مەحمود) یش کەلەو کاتەدا لە سلێمانی بەندبووە ئەویش شەو بەپەلە ڕەوانەی دەکەن بۆبەسرا لەوێ لە بەندیخانە دەمینێتەوە تاساڵی (1958)و لە ڕۆژی (14)ی تەمووز بەرئەبێو ئەگەڕێتەوە سلێمانی .

شێخ لەگەڵ خوێدا «پێنج» برا بوون کە ئەمانەن :

1 - **شێخ محەمەد .**
2 - **شێخ مەحموود .**
3 - **شێخ قادر .**
4 - **شێخ ئەحمەد .**
5 - **شێخ برایم . «کە بە سەید برایم مەشوورە» .**

«شێخ محەمەد» یان بە هۆی شۆڕشی شێخ مەحموودەوە دەربەدەر بووەو لە دیێ «بێتوش» ماوەتەوەو هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە .

شێخ ئەحمەدیان وەك لەپێشەوە باسمانکرد لەگەڵ باوکی شەهید کرا .

(سەید برایم) یش بەنەخۆشی سێ ساڵ لەمەوبەر کۆچی دوایی کردووە لەسلیمانی .

شێخ مەحموود سێ کوڕو یەك کچی هەبووە :-

1 - **شێخ رەئووف**
2 - **شێخ باباعەلی**
3 - **شێخ لەتیف**
4 - **حەلاوە خان**

لە کوڕەکانی تەنها شێخ باباعەلی یان ماوە کە پیاوێکی داناو نیشتیمان پەروەرو دڵسۆزە ، وەك کوردێکی بێلایەنو ئاوارە لەشاری (لەندەن) دانیشتووە . بەو شیوەیە شریتی عومری شێخ مەحمودی مەزنی کورد پێچرایەوەو لە بارەگای کاکە ئەحمەدی شێخ لە سلێمانی هەواری یەکجاری گرتو ماڵ ئاوایی لەگەلو نیشتیمان کرد .. ئیتر تاکو گەلی کورد مابێ ئەم پیاوە ناودارە لەبیرناکاو یادی ئەم شۆڕە سوارە ئەکاتەوە .